

ئەلۆنا، تۆپ مۆدێلی ئۆكرانی:

# لە كوردستان زۆر خۆشحاڵ بووم و بە جلوبەرگی كوردی سەرسام بووم

ئەلۆنا، نمایشكارێكی باڵابەرزی جوانی ئۆكرانییە، لە هەفتەی نمایشكاری جلوبەرگی كوردستان، لەگەڵ چەند هاوڕێیەكی ئۆكرانی بەشداری كردبوو، ئەو بە جوانییەكەی و باڵابەرزییەكەی سەرنجی هەموو ئامادەبووانی نمایشەكەی بۆ خۆی راكێشابوو، جوانییەكی دیكەی بە دیزاینی دیزاینەرە كوردەكان بەخشی بوو، وەكو گۆرانیبێژان دەڵێن، جلی كوردی هەر لەخۆی جوانە، لەم هەڤپەیڤینەدا باس لە مەرجەكانی بوون بە مۆدێل دەكات.

*** لە کەیەوە کاری نمایشکاری دەکەی؟**

- حەوت ساڵە بە فەرمی کاری مۆدێلی دەکەم، هەموو ژیانم بووەتە کاری مۆدێلی، لەمنداڵییەوە خەون و خەیاڵی من کاری نمایشکاری و دیزاین بووە، واتە کاری نمایشکاری دەمێکە بووەتە بەشێك لە ژیانم و ناتوانم لێی دووربکەمەوە، ئێستا تۆپ مۆدێلی ئۆکرانیام.

بە ئەکادیمی هونەری نمایشکاریت خوێندووە یان بە ئەزموون فێری بوویت؟

زانکۆیەك کە تێیدا کاری نمایشکاری بەشێوەیەکی ئەکادیمی بخوێنی لە دونیادا زۆر کەمە، تەنیا زانکۆی نمایشکاری لە میلان و لەندەن و نیویۆرك هەیە، بەڵکو قوتابخانەی فێربوونی مۆدێلینگ هەیە، کە بەداخەوە من نەمتوانیووە بەشداری تێیدا بکەم، لەسەر بنەماو کارکردنی خۆم بوومەتە مۆدێل و ئەزموونی چەند ساڵم بۆ من بووتە قوتابخانە.

*** مەرجەکانی بوون بە مۆدێل لای ئێوە چییە؟**

- بەبۆچوونی من باڵا و کێش هەرگیز بۆ مۆدێل گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە تۆ لە بوارەکەی خۆتدا بەباشی کار بکەی، هەروەها گرنگترین شت بۆ بوون بە مۆدێل بڕوابوونە بەخۆت، وا هەست بکەی تۆ سەرکەوتووترین کەسی، لەگەڵ ئەوەشدا هەرگیز نابێت بترسی و نیگەران نەبێت خۆت لەبەردەم خەڵکی نمایشی بکەی، چونکە ئەگەر بترسی هەرگیز بە هیچ ئاواتەکانت ناگەیت، بۆیە هەمیشە خۆت بەباشتر بزانەو بڵێ من دەتوانم ئەو کارە بکەو هێزو توانایەکانی خۆت نیشانبدە.

*** لەم سەردانەتدا بۆ باشووری کوردستان، هەولێرت چۆن بینی ؟**

- زۆر خۆشحاڵم ئەو ماوەیەی لە کوردستان بووم، لەگەڵ هاوڕێیە مۆدێلەکانم لە هەفتەی نمایشی جلوبەرگی کوردستان کارێکی هاوبەشی جوانمان ئەنجامدا، هەولێر زۆر خۆشەو شوێنی جوانی هەیە، کە سەرنجی گەشتیاران رادەکێشێت، سڵاو و رێزم بۆ خەڵکی هەولێر هەیە. بەدڵنیاییەوە من بۆ هەر شوێنێك بڕۆم لەسەر ئەو شوێنە زۆر دەخوێنمەوەو دەپرسم، لە ئینتەرنێت زۆر لەسەر مێژووی کوردستان و شارەکانی باشووری کوردستانم خوێندەوە، زۆر شتی باشم لەسەر خەڵکی کوردستان بیست، کە بە راستی کوردستان بۆ من شوێنێکی زۆر خۆش و سەرەنجراکێش بوو.

*** جیاوازیی نێوان مۆدێلەکانی کوردستان و ئۆکرانیا چییە؟**

- بە راستی دەمەوێت ئەوەتان پێ بڵێم مۆدێلەکانی ئێرە لۆکالین، هەرچەندە مۆدێلەکانی ئێرە زۆر جوانن، بەڵام مۆدێلەکانی ئێمە بە ئەزموونتر و پرۆفیشناڵترن، دەست خۆشی لە نمایشکارە کوردەکان دەکەم، هیوادارم بەردەوام بن و کاری باشتر ئەنجامبدەن.

*** چۆن دەڕوانیتە جلی کوردی؟**

- لە راستیدا من زۆر سەرسام و خۆشحاڵم بە پۆشینی جلوبەرگی کوردی، لای من جلوبەرگی کوردی زۆر تایبەتەو جوانییەکی تایبەتی هەیە، هەستێکی زۆر خۆش بوو، کە من چەند جارێك بە جلوبەرگی کوردی نمایشمکرد، رەنگ و شێوازی جلی کوردی زۆر جوان و سەرەنجراکێشە.

*** لە چەند نمایشی جیهانی بەشداریت کردووە؟**

- بێگومان لە زۆر وڵاتدا نمایشی جلوبەرگم کردووە، من زیاتر لە حەوت ساڵە لە دەیان وڵاتدا کاری نمایشی جلوبەرگم کردووە، وەکو لە شەنگەهای، لوبنان، بەرلین، فەرەنسا، ئیسپانیا، رووسیا، ئەزربایجان و دوبەی و لە چەندین وڵاتی دیکە کە ئێستا لە خەیاڵم نییە، جگە لەوەش لە هەر وڵاتێکیش بۆ چەند جارێك و لە چەند شارێك بەشداری نمایشی جلوبەرگەکانم کردووە.

*** لەو وڵاتانەی نمایشی تێیدا کردووە، کامە وڵات یادگارییەکی خۆشی لای تۆ جێهێشتووە؟**

- ناتوانم بە تەنیا بڵێم وڵاتێك باشترین بووە، بەڵکو هەر وڵاتێك جۆرێك لە کولتوورو فەرهەنگ و جلی تایبەت بەخۆی هەبووە، کە بۆ من بووەتە ئەزموون و سوودیانم لێ وەرگرتووە، بۆیە هەموویان لای من خۆشەویستن و یادگاری جوانیان لام جێهێشتووە و شانازییان پێوەدەکەم.


*** ئاستی دیزاینەرە کوردەکانت پێ چۆن بوو؟**

- بێگومان بەشێکی زۆر لە دیزاینەرە کوردەکان کاری جوانیان پێشکەش کرد، بەتایبەتی کاك گۆران، کە جلوبەرگەکانی زۆر سەرنجراکێش و جوان بوون، بەگشتی من زۆر گەشبینم بە داهاتووی دیزاینەرانی کورد، هیوادارم زیاتر خۆیان ماندوو بکەن و زیاتر بیر لە ئەکادیمی بوون و پرۆفیشناڵی لە دیزاینکردنی جلوبەرگەکانیان بکەنەوە.

*** لە وڵاتەکەت چی لەبارەی کوردستان بۆ هاوڕێیەکانت باس دەکەی؟**

- یەکەم شت کە بۆ هاوڕێیەکانم باسی قەڵای هەولێر دەکەم، باسی شوێنە مێژووییەکانی شاری هەولێر دەکەم، هەروەها باسی کاری مۆدێل و جلوبەرگ و فەرهەنگی کوردستانیان بۆ دەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا باسی میواندۆستی و میهرەبانیی خەڵکی ئێرە دەکەم، هەروەها باسی بوێری و ئازایەتی کوردیان بۆ دەکەم، کە ئەگەر هەواڵ بۆ هەرکارێك بدەن، بێگومان تێیدا سەرکەوتوو دەبن، چونکە بە عەشقەوە کاری بۆ دەکەن.







## ئەمیر خان:
# سەلمان خان لە پێش منە

ماوەی دوو ساڵ دەبێت ئەستێرەی ناسراوی بۆڵیۆد ئەمیر خان لە زۆربەی بۆنە و فیستیڤاڵە سینەماییەکاندا دان بەوە دەنێت کە هاونیشتمانییەکەی سەلمان خان بە چەند قۆناغێك لە پێش ئەوەوە دێت لە رووی کاری هونەرییەوە، هەرچەندە بەپێی فرۆشتنی بلیتەکان بێت، فیلمەکانی ئەمیر خان بینەری زیاتریان هەبووە و پڕبینەرترین بوون.

لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەمیر خان بوو بە یەکەم ئەکتەری هیندی لە مێژوودا کە دەگاتە لوتکە لە فرۆشتین بلیتەکانی فیلمەکانیان لەسەر ئاستی ناوخۆی هیندستان کاتێك فیلمی (Ghajini) بووە یەکەم فیلم کە داهاتەکەی بگاتە زیاتر لە (١٠٠) ملیۆن رۆبیە، لە ساڵی دواتریش واتە لە ٢٠٠٩ ئەمیر خان سەرکەوتنێکی گەورەتری بەدەستهێنا کاتێك داهاتی فیلمی (Idiots 3) کە رۆڵی پاڵەوانی تێدا دەبینی بڕی (٢٠٠) ملیۆن رۆبیەی تێپەڕاند، لە ساڵی ٢٠١٣ فیلمەکەی (Dhoom 3) بووە یەکەم فیلم کە داهاتەکەی (٢٥٠) ملیۆن رۆبیە تێپەڕێنێت و لە ساڵی ٢٠١٤ فیلمی (PK) داهاتەکەی گەیشتە (٣٠٠) ملیۆنە رۆبیە، بەڵام سەرکەوتنی گەورە لە دوایین فیلمی بوو بە ناوی (Dangal) کاتێك داهاتەکەی تەنیا لە هیندستان گەیشتە (٣٨٠) ملیۆن رۆبیە جگە لەو داهاتەی کە لە چین بەدەستیهێنا. بەم شێوەیەش لە ماوەی دە ساڵی رابردوودا ئەمیر خان یەکەم لەرووی داهاتی فیلمەکانی لە پلەی یەکەم بووە. سەرەڕای ئەم سەرکەوتنە ئەمیر خان بەم دواییە لە دیمانەیەکیدا وتی: سەلمان خان لە پێشەوەی من دێت، چونکە سەلمان خان کەسێکی باشە و خاوەن بەهرە و لێهاتووە، کاریزمایەکی بەرزی سەرکەوتووی هەیە لە کارەکانیدا.

دەربارەی سەرکەوتن لە کارەکانی ئەمیر خان وتی: سەرکەوتن واتە دەقێکی باش و دەرهێنەرێکی باشت هەبێت، هەروەها گشت تەکنیککارەکان بەشێوەیەکی تەواو بەشداری لەو کارەدا بکەن و فیلمەکەش رۆڵێکی باشی هەبێت، بەڵام سەلمان خان پێویستیی بەمانە نییە، تەنیا ئەوەندەی بەسە کە چاویلکەکەی لە چاو بکات و کراسێکی جوان لەبەر بکات، من خۆم ئەو بەهرەیەم نییە .



## ئەلیسا:
# ئێمە لە دارستان دەژین



# ئۆلیڤیا هەموو شتێک بە قوربانی هونەر دەکات

لە ژمارەی مانگی نۆڤەمبەری ئەم گۆڤاری(Cosmopolitan) کە یەکێکە لە بەناوبانگتری گۆڤارەکانی ئەمریکای لاتینی و تایبەتە بە هەواڵە سەرنجراکێشەکانی ئەستێرەکانی سینەما و تەلەفزیۆن و فاشیۆنەکان، دیمانەیەکی تێروتەسەلی لەگەڵ ئەکتەر ئەمریکی ئۆلیڤیا موون ئەنجامدا و دەربارەی ژیانی تایبەتی و هونەری خۆی چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد.

ئۆلیڤیای تەمەن ٣٨ ساڵ دەربارەی گرنگیدان بە ژیانی تایبەتی خۆی و هونەر وتی: بڕیارمدا لە ئێستادا تا دوو ساڵی دیکە تەواوی کاتی خۆم بۆ هونەر و بەتایبەتی بۆ سینەما تەرخان دەکەم و گرنگی بە هیچ شتێکی دیکە، بەتایبەتی پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستی بە هیچ شێوەیەکی بیری لێناکەمەوە، چونکە ئێستا هیچ کەسێك لە ژیانمدا نییە و نامەوێ لەو ماوەیەدا کەسێك بێتە نێو ژیانمەوە و بەشێکی کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم.

لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ئەوەی ئایا ئەم بڕیارە پەیوەندیی بە جیابوونەوەی هەیە لەگەڵ هاورێکەی ئۆلیڤیا وتی: راستە من و ئارۆن رۆجدرز جیابووینەتەوە دوای ئەوەی بۆم دەرکەوت کە خیانەتی لێکردم لەگەڵ کچە نمایشکارێکی جلوبەرگ، بەڵام من نامەوێ بە هیچ شێوەیەکی باسی رابردوو بکەم، چونکە ئارۆن ئێستا بۆ من بەشێکە لە رابردوو کە گەرانەوەی نییە، ئێستا دەمەوێ لە هەنگاوەکانی داهاتوومدا سەرکەوتوو بم و خۆ بە رابردوو نەبەستمەوە.

شایەنی وتنە ئۆلیڤا لە ساڵی ١٩٨٠ لە دایکبووە، لە پاڵ ئەوەی ئەکتەرێکی کۆمیدییە لە هەمان کاتدا نووسەریشە و لە ساڵی ٢٠٠٦ دەستی بە کاری هونەری کردووە و لە چەندین فیلمی کۆمیدیدا رۆڵی بینیوە دیارترینیان فیلمی (مۆردکای) ە کە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێنا.

ماوەیەکە کێشە رییتا شەقیر کە هاووڵاتییەکی لوبنانییە و دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی کردووە، ناوەندە کۆمەڵایەتی و میدیاکانی وڵاتی لوبنانی سەرقاڵ کردووە، دوای ئەوەی دادگا بڕیاریدا کە ریتا بۆی هەیە تەنیا ٢٤ کاتژمێر کوڕەکەی ببینێت، ئەم بڕیارەش بووە هۆی ئەوەی کە ریتا کوڕەکەی ببات و خۆی ون بکات، ئەمەش وایکرد پاڵپشتییەکی زۆری جەماوەری بۆ ریتا دروست بێت، بەتایبەتی لەلایەن کەسایەتییە ناسراوەکانی وڵاتی لوبنان.

خانمە گۆرانیبێژی ناسراوی لوبنانی ئەلیسا پشتیوانیی خۆی بۆ ریتا دەربری و بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو حوکمەی لە دادگای دژی دەرچووە و لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وتی: کاتێك دایکێك بێبەش دەکرێت لە بینینی کوڕەکەی لە سایەی ئەو یاسا پیاوسالارییە بێ مانایانە، واتە ئێمە لە دارستان دەژین، نەك لە وڵاتێکی سرووشتی، بە راستی شوورەییە ئێمە داوای سادەترین مافی مرۆیی خۆمان بکەین، من پاڵپشتییەکی تەواوی ریتا دەکەم.

لەلایەکی دیکەوە لە دیمانەیەکدا دەربارەی کوشتنی خۆشەویستی لە کۆمەڵگاکانمان ئەلیسا وتی: من ئافرەتێکم زۆر شت پێشکەش دەکەم بۆ خۆشەویستی و هەر کاتێك ویستم کاتێك ویستك کۆتایی بە خۆشەویستی بهێنم زۆر بە ئاسایی ئەم کارە دەکەم بەبێ ئازار، بەڵام هیچ کەسێك ناتوانێت کاریگەریی لەسەر بڕیارەکانم بکات لەو رووەوە، چونکە من خۆم خۆشەویستی دروست دەکەم و هەر خۆیشم دەتوانم بیکوژم یان پەرەی پێبدەم، هاورێ زۆر نزیکەکانیشم دەست ناخەنە نێو کاروباری تایبەتی خۆمەوە تەنانەت بیرورای خۆیشیان نالێن دەربارەی ئەو کەسەی خۆشم دەوێ، چونکە زۆر رێز لە کەسایەتی و بڕیارەکانم دەگرن.

دەربارەی ئەو سیفەتانەی کە پێویستە لە خۆشەویستەکەیدا هەبێت ئەلیسا وتی: درۆ نەکات، من بەرگەی پیاوی درۆزن ناگرم، چونکە ئەو کەسەی درۆ بکات هەرچی کارێکی نەشیاوە دەیکات و بە رای من درۆز کەسێکی نەخۆشە لەرووی دەروونییەوە و خاوەن کەسایەتییەکی لاوازە.





بەهار:

# هونەر دەرگای زۆری لەبەردەممدا کردەوە

کچە گۆرانیبێژ بەهار حسکۆ خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە زمانی ئینگلیزی و زیاتر لە سێ ساڵە لە وڵاتی سوید دەژی و خوێندنی بەشی گەشتیاریشی لەو وڵاتە تەواو کردووە. لە زۆربەی ڕێکلامە تەلەڤزێونەکانی سوید وەك ئەکتەر دەردەکەوێ. دوای ئەوەی بە زمانی سویدی گۆرانی گوتووە، هەوڵیدا بە زیاتر لە ٢٥ زمان گۆرانی بڵێت. ماوەی شەش مانگ کۆرسی فۆلك ستران و موزیك لە زانکۆی شاهانەی سوید لە ستۆکهۆڵم خوێندووە کە یەکێکە لە زانکۆ ناسراوەکانی جیهان، هەروەها بەشداریی لە زۆر کۆراڵ کردووە بە چەندین زمان و ئەمانەش کاریگەرییەکی زۆریان بەسەریەوە هەبووەو دواتر پەیوەندیی بە کۆراڵی جیهانی خانەی ئۆپێرا کردووە.

بەهار تێکەڵکردنی هونەری کوردی بە هونەری بیانی بە کارێکی ئاسایی دەزانێت و دەڵێ: پێموانییە تێکەڵکردنی هونەری کوردی و بیانی کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر هونەری کوردی، هونەری کوردی تام و چێژی تایبەتی هەیە و زوو کاریگەریی لەسەر گوێگری بیانی هەیە، بەڵام پێویستە ئەو کەسەی گۆرانی کوردی دەڵێ بتوانێت لە هەموو ڕوویەکەوە سەرکەوتوو بێت و بزانێت کەی و چۆن پێشکەشی دەکات بە جۆرێك بتوانێت چۆن بیگەیەنێت بە گوێگری بیانی و کاریگەریی ئەرێنی لەلای بەجێ بهێڵێ.

ئەو کچەی خەڵکی قامیشلۆ ئاماژە بەوە دەکات کە لە خانەوادەیەکی هونەردۆست گەورەبووە و لەو بوارەوە دەڵێ: لە خانەوادەی ئێمە زۆر کەسی دەنگخۆش هەبوون، سیپان حەسکۆی برام کە لە ئەڵمانیا دەژی ئەویش خاوەن دەنگێکی خۆشە، باوکم و برایەکم هونەرمەند بوون و دایکیشم زۆر هانیاندام بۆ گۆرانی وتن، بەڵام دەنگم هاوکاری سەرەکیم بووە، چونکە من ماوەیەك لە باوکم دوور بووم، هەروەها چەندین هونەرمەند هاوکارییان کردووم ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری بەسەر منەوە هەبووە و ئێستاش هاوکاریمان دەکات،

بەهار کاری هونەری لە ئەوروپا بە کارێکی ئاسایی دەزانێ و دەڵێ:

کاری هونەری لە ئەوروپا بەو شێوەیە سەخت نییە کە هەندێك کەس باسی دەکەن، لە بواری هونەرییەوە دەرگای زۆر لەبەردەمم کراونەتەوە، میللەتانی ئەوروپاش زۆر حەز دەکەن گوێیان لە شتێکی نوێ بێت و ئاشنای هونەر و کەلتووری بیانی بن، گوتنی گۆرانی فۆلکلۆر و ژەنینی تەمبوور وایکرد زیاتر هانم بدەن بە جۆرێك لە ماوەیەکی کەمدا ئێستا لە نێو کورد وسویدی و تەنانەت عەبەرەکانیش ناوبانگم پەیدا کردووە.

لە بارەی ئەوەی کە لای ئەو هیچ جۆرە جیاوازییەك هەیە لە نێوان کاری هونەری بە زمانی کوردی و زمانی بیانی بەهار دەڵێ: من زیاتر بە زمانی کوردی گۆرانیم وتووە، بەڵام میللەتانی ئەوروپا حەز لە کەلتووری میللەتان دەکەن، کاتێك لە خانەی ئۆپێرا بە تەمبووری کوردی و بە شێوازی کرمانجی گۆرانی سویدیم گوت، پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد و ناوبانگێکی باشم دەرکرد و لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانیان کاری هونەریم ئەنجامدا و کۆنسێرتم ساز کرد، و بە پێچەوانەوە ئەوان زیاتر بە من کاریگەر بوون.

لە بارەی گرنگینەدان بە دەرکەوتن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەهار دەڵێ: ڕاستە من ۆر لە ڕاگەیاندنەوە وەك پێویست دەرناکەوم، چونکە من زۆر گرنگیم بەوە نەداوە کە بناسرێم، تەنانەت زۆر کەس داوایان لێکردم بۆ بڵاوکردنەوەی گۆرانی و ئەلبووم، بەڵام لەبەر قورسی خوێندنەکەم زۆر گرنگیم بەو لایەنە نەداوە، پەنا بە خوا لە نزیکترین دەرفەتدا کارێکی گەورە ئەنجام دەدەم، هەروەها گۆڕینی شوێنیش کاریگەریی لەسەر کەم دەرکەوتنم هەبووە.

سەبارەت بە سینەماش دەڵێ: ئامادەم خزمەت بە سینەمای کوردی بکەم. لە سویدیش چەند دەرهێنەرێکی تەلەڤزێونی داوایان کردووم، وەلێ حەزم لەوەیە لە فیلمی کوردی بە زمانی کوردی نواندن بکەم، نەك زمانی سویدی، هەر چەندە سوید بە وڵاتی دووەمم دادەنێم و زۆرم خۆش دەوێت.